السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# نزای: ( اللهم إني أعوذ بك من فتنة النار، وعذاب النار، ومن شر الغنى والفقر )

له عائیشەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نزای دەکرد بە ووتنی ئەم وشانە: «(اللهم إني أعوذ بك من فتنة النار، وعذاب النار، ومن شر الغنى والفقر)*». *(واتە: خودایە، پەنا بە تۆ دەگرم لە فیتنە وتاقیکردنەوەی ئاگری دۆزەخ، ویەنا بە تۆ دەگرم لە سزای ئاگری دۆزەخ، ولە شەڕ وخراپەی تاقیکردنەوەی دەوڵەمەندی، ولە شەڕ وخراپەی تاقیکردنەوەی هەژاری ونەداری)

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێراویەتیەوە - تورموزی گێراویەتیەوە - ئیبنوداود گێراویەتیەوە]

پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پەنای بە خوای گەورە دەگرت لە چوار شتە: (اللهم إني أعوذ بك من فتنة النار:خودایە، پەنا بە تۆ دەگرم لە فیتنە وتاقیکردنەوەی ئاگر): واتا فیتنە وتاقیکردنەوەیە -لە لادانەکان وتاوانەکان- کە ببێتە هۆچ چووونە دۆزەخ، ولەوەیە مەبەست لە -فیتنەی ئاگر- پرسیاری دەرگاوانەکانی دۆزەخ -ئەو فریشتانەی پاسەوانی دۆزەخ دەکەن- بێت کە پێیان دەووترێت -الخَزَنَة- بۆ لۆمەکردنی ئەوانەی دەکرێنە نێو دۆزەخەوە، خوای گەورە دەفەرموێت: {كُلَّمَآ أُلْقِيَ فِيهَا فَوْجٌ سَأَلَهُمْ خَزَنَتُهَآ أَلَمْ يَأْتِكُمْ نَذِيرٌ} [الملك: 8] واتە: {هەرکاتێك دەستەیەك فڕێ بدرێنە ناویەوە دەرگاوانەکانی دۆزەخ پرسیاریان لێدەکەن، ئایا پێغەمبەرێکی ترسێنەرتان بۆ نەهاتووە (لە دونیادا)}. (وعذاب النار:وسزای دۆزەخ): واتا خودایە پەنا بە تۆ دەگرم لەوەی لە ئەهلی دۆزەخ بم، ئەوانیش کافرەکانن (بێباوەڕەکانن) کە سزا دەدرێن لە نێو جەهەمەندا، بەڵام ئەوانەی تاوانبارن لە یەک خودا پەرستەکان -موەحیدەکان- پاکدەکرێنەوە وتەمبێ دەکرێن بە چوونە نێو دۆزەخ وبە هەتاهەتایی تێیدا نامێننەوە. (ومن شر الغنى:ولە شەڕ وخراپەی تاقیکردنەوەی دەوڵەمەندی): واتا خودایە پەنا بە تۆ دەگرم؛ لە خۆبەگەورەزانین وشانازی کردن بە ماڵ وسامان وسووربوون لەسەر پارە ویلەپایە و بەکەمزانینی خەڵکی کە بەهۆی دەوڵەمەندیەوە ئەمانە ڕوودەدات؛ ئەگەر خوای گەورە مرۆڤ نەپارێزێت، وهەروەها پەنا گرتنە بە خوای گەورە؛ لەوەی پارە بە ڕێگای حەرام پەیدا نەکات ولە ڕێگای حەرامدا خەرجی نەکات یان پارەکە لە شتێکدا خەرج نەکات کە ماف نییە لەسەری -بە فیرۆی نەدات-. (والفقر:ولە شەڕ وخراپەی تاقیکردنەوەی هەژاری ونەداری): ئەو هەژاریەی کە ئارامگرتن و وەرەعی لەگەڵدا نەبێت دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ تووشی شتێک بێت کە زیان لە دینداری وکەسایەتی دەدات، یان تووشی حەسوودی بوون - ئیرەیی بوون- بێت بە دەوڵەمەندەکان وتەماحکردنی پارە وسامانیان، وخۆ زەلیلکردن کە ببێتە هۆی ئەوەی تانە لە دینداری وکەسایەتی بدرێت، وهەروەها ناڕازی دەبێت بەرامبەر ئەوەی خودا بۆی دابەشکردووە ویێی بەخشیووە وجگە لەمانە کە سەرەنجامی باش نابێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6072

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee